
# لەهەموو شارەکانی کوردستان یادی ڕۆژی جیهانی شانۆ کرایەوە

ساڵانە شـــانۆکاران لەسەرتاســـەری جیهان لە ٣/٢٧ یادی ڕۆژی جیهانی شـــانۆ دەکەنـــەوە، هونەرمەندانی شـــانۆ کار گوڵی خۆشەویســـتی لەیاخەی یەکتر دەدەن و پیرۆزبایی لەیەکتر دەکەن، هۆڵی نمایشەکان دەکەنەوە بۆ پێشکەشـــکردنی شـــاکارە جیهانیەکان،گرنگی شانۆ و شـــانۆگەری لەوەدایە کە چالاکیەکـــی مرۆڤایەتییە پەیامەکـــەی ئاشـــتی و خۆشەویســـتی و ئـــازادی و پەروەردەکـــردن و چێژ وەرگرتنـــە، لەبەر گرنگی ڕۆڵی شـــانۆ بەقوتابخانـــەی گەلیان داناوە، بۆیـــە گوتویانە نانێك و شـــانۆیەکم بدێ گەلێکی ڕۆشنبیرت دەدەمێ، ئەو چالاکیە مرۆڤایەتیە پێش لە ٢٥٠٠ســـاڵ لە گریك ســـەریهەڵدا بەرەبەرە پەرەی ســـەند تا هەموو جیهانی گرتەوە، لەو ماوەیە دورودرێژە بەسەدان ڕێبازو فەلسەفە پەیدابـــوو چەندین پێوەر و بنەمـــا لەهەموویان گرنگتر ڕێبازەکانی ســـتانلافکی و برێختـــی و واقعی ڕیالزمی و تونـــدو تیژی و هەژارو بڕۆدوای و سەرشـــەقام .... تاد، ئێمە لەکوردســـتان نزیکەی سەد ساڵێکە بەم هونەرە ئاشـــناین لەڕێگای ئـــەو قوتابیانەی کـــە لە بەغدای پایەتەخـــت خوێندویانە یان چووینە ئەوێ و دەوروبەر بۆ گەشـــتوگوزار و بازرگانی، ئا لەم چەند ساڵە چەندین نمایشی شانۆیی لە شـــارەکانی کوردستان ئەنجامدراوە بەتایبەتی لەقوتابخانەکان، چونکە پێشتر هۆڵی تایبەتی نەبووە بۆ ئەم مەبەســـتە، یەکەم هۆڵ کە بۆ نمایشـــی شـــانۆیی بنیاتنراوە هۆڵی گەل بوو لە هەولێر لەســـاڵی ١٩٥٨پـــاش بەرپابوونـــی شۆڕشـــی ١٤ ی تەموزی ١٩٥٨ئەم هۆڵەش بەم شـــێوەیە نەبووە پێشـــتر فلات بوو هیچ کورســـیەکی تێدا نەبوو لەکاتی نمایشی شانۆیی دەبوایە کورسی ئاسن لەیاریگای هەولێر بگوازرێتەوە ناو هۆڵەکەو پاشانیش ببردرێتەوە شوێنی خۆی.

ئەم هونەرە پەرەی ســـەند لە کوردســـتان لە سەرەتای حەفتاکان ئەو کات چەند گەنجێك خوێندنی ئەکادیمیان لەبەغدا تەواو کرد توانیان بەهاوکاری لەگەڵ هەوادارانی شـــانۆ چەند تیپ و کۆمەڵـــە و گروپێك پێکبهێنن کە ئەوە بـــووە هەوێنێك بۆ بزاڤی شـــانۆیی، لە حەفتاکان و هەشتاکان جوانترین کاری شـــانۆیی ئەنجامدرا بۆیە ئەوەی بەدواداچوونی هەبێ بۆ ئەم قۆناغە و ڕەخنەگران ئەو کات بە چاکترین قۆناغی بزاڤی شـــانۆیی دادەنێن، هەنـــدێ لـــەوە زیاتـــر دەڕۆن حەفتاکان و هەشـــتاکان بەســـەردەمی زێڕین دادەنێن، ئـــەو کات هونەرمەندانی شـــانۆ بە ڕۆحیەتی لەخۆبوردەیی و دڵســـۆزییەکی بێ هاوتا بەبێ بەرامبەر کاریان دەکرد، خۆشەویستی لەنێوان شـــانۆ کاران هەبوو، شانۆ لەلایان پرس بوو لەسەردەمی ڕژێم وەك تەحەداو مقاوەمەتێـــك بەکاریان دەهینا، بۆیە کەڕۆژی جیهانی شـــانۆ دادێت،شـــانۆکاران بەفەخرەوە باس لەو ڕۆژانە دەکەن کە ســـەودای ئازادی تەسك بوو بەڵام ئەوان توانیـــان خزمەتێکی گەورەی میللەتەکەیان بکەن،لە ٢٧/ ٣ئەم ســـاڵ گرنگیەکـــی تەواو بەم ڕۆژە درا، لە هەولێـــری پایەتەختدا یادی ئەم ڕۆژە لە هۆڵی بەڕێوەبەرایەتی شانۆ کرایەوە،لەکاتژمێر ١١ ی بەیانی بە ئامادەبوونی جەنابی وەزیری ڕۆشنبیری و برێکی زۆر لە شانۆکاران مەراسیمەکە دەستی پێکرد سەرەتا بەخولەکێك وەســـتان بۆگیانی شـــەهیدان پاشـــان جەنابی وەزیری ڕۆشنبیری و لاوان وتارێکی دا تیایدا باسی گرنگی ئەم ڕۆژەو ڕۆڵی شانۆکاران کرد پاش ئەو وتاری بەڕێوەبەری هونەری شانۆ دەربارەی ئەندام بوونی شانۆکارانی کورد لە پەیمانگای جیهانی شانۆ پاشان خوێندنەوەی پەیامی ڕۆژی جیهانی شانۆ لەلایەن خاتوو مەی عەبدولکەریم دواتر وتاری ناوەندی شانۆکارانی هەولێر لەلایەن بەندەوە ئیجا ڕێـــز لێنان لەچەند شـــانۆکارێکی هەولێر لەلایەن لقی هەولێری ســـەندیکای هونەرمەندانی کوردســـتان بەهاوکاری وەزارەتی ڕۆشـــنبیری پاش کۆتایی هاتنی مەراسیمەکە مۆنۆدرامای گیرفانی سێزدە پێشکەش کرا لە نووسینی د.ئازاد حەمەرەش دەرهێنانی هەڤاڵ سەلاح نواندنی هونەرمەند نەوزاد ڕەمەزان، هەروەها لەشارەکانی کەرکوك و دهۆك مەراســـیمی ئەم یادە بە سەرکەوتوویی بەڕێوە چوو، لە ســـلێمانیش بەشـــکۆمەندی بەڕێوەچوو و چەنـــد شـــانۆکارێك خەڵات کران ئەوانـــەی بەردەوام چالاکیـــان هەیە و ڕۆڵیان هەیە لە بە پێش بردنی بزاڤی شـــانۆیی لەلایەن بابانەکانەوە ئەو خەڵاتەش لەسەرەتای حەفتاکانـــەوە هونەرمەند و نوســـەر تەها بابان تەرخانی کردبـــوو بۆ هەمـــوو داهێنانێکی شـــانۆیی،لەم ڕۆژەدا پێویســـتە سڵاو و ڕەحمەت ئاراستەی گیانی شەهیدانی شـــانۆ بکەین (جوهەر باپیر _نەوزاد مستەفا_کاردۆ گەلاڵی _عزەت ئەحمەد )، هەروەها ســـڵاو بۆ گیانی عەبدولڕەحیـــم ڕەحمی هەکاری کـــە مەمی ئالان یەکەم بەرهەمی شانۆی خۆماڵی بووە، هەروەها سڵاو لەگیانی ئەو پێشـــەنگە کۆچکردووانە (سەفوەت جەراح_سەلاح حەسەن_تەها خەلیل_عوسـمان چێوار_عومەر عەلی ئەمین_ســـمکۆ عەزیز _تەحســـین شەعبان_سەمیرە عەبدوك)ســـڵاو لەو شـــۆرە ســـوارانەی کەلەسەرتای حەفتاکانەوە بەدڵسۆزیی و لەخۆبردەیی کاری شانۆییان کـــردووە و چەندین نەوەیان پێ گەیانـــدووە، هەندێکیان ئێســـتاش بەردەوامن لەوانە (ئەحمەد ســـالار_تەلعەت سامان_سەباح عەبدولڕەحمان_فەرهاد شەریف_سەعدون یونس_زوهێـــر عەبدولمەسیح_ســـەلمان فایەق_فازیڵ جاف_جەلیل زەنگەنە_بەدیعە دارتاش_گەزیزە خان).

ئەوەی جێگەی نیگەرانی هەموو شانۆکارانە زۆربەی زۆری تیپەکان خامۆشن ئەوانیش لەوانەیە قسەی خۆیان لـــەم بارەیەوە هەبـــێ بۆیە پێویســـتەلایەنی پەیوەندیدار بەتایبەتـــی جەنابـــی وەزیری ڕۆشـــنبیری و لاوان لەم دیاردەیـــە بکۆڵێتەوەو لەگـــەڵ نوێنەرانی ئەم تیپانە کۆ ببێتـــەوە تاکو بگەنە ئەنجامێـــك چونکە هەر ئەم تیپانە بوون ڕۆژانێـــك خزمەتێکی گەورەی بزاڤی شـــانۆییان کردووە،مافی ئەوەیان هەیە لە کێشەکانیان بکۆڵدرێتەوە.



خەلیل بابە کەریم


## ئەو ساتانەی ناسڕێنەوە

# لاسایی و لافاوەکەی شار

ئەحمەد سالار
مانگانە بۆ گوڵان دەینووسیت

گەلێك ڕاست و دروستە کە دەگوترێ: مرۆڤ زادەی ژینگە و دەوروبەرەکەیەتی، کەواتە ئەوە دەستنیشانی چەندین لایەن و ئارەزوو و مەیلی ئەو مرۆڤە دەکات، واتە ڕێنماییکەر و ئاراستەکەرە و بەشێکی گەورە و گرینگ و بنەڕەتی پەروەردەکردن و گۆش کردنە.من بەش بەحاڵی خۆم هەر کە لەشاری (هەڵەبجە)ەوە گەڕاینەوە بۆ شاری(سلێمانی ) هەر لەسەرەتاوە بەختم یار بوو، تەمەنم هەشت نۆ ساڵان بوو ساڵی ١٩٥٦ بوو، لەگەڕەکی چوارباغ نیشتەجێ بووین.لەبەختی مندا یاریگە تاقانە و شانۆ تەنیاکەی شار لەو گەڕەکەدا بوون و نزیك ماڵمان بوون.کەواتە ئەو چالاکییانەی لەو دوو شوێنە گەشەی شاردا دەکران، چ وەرزش و چ شانۆ، بە هەموو شێوەیەك ئارەزوو حەزیان بەلای خۆیاندا ڕادەکێشام، منیش لەو تەمەنەدا ئارەزووی وەرزشم دەکرد، لەگەڵ هەبوونی مەیل و ئارەزووی نواندن، نەك بەواتا تەواوەتییەکەی نواندن، بەڵکو لاسایی کردنەوە، لاسایی پیاوانی گەڕەك، خزمان، زۆر جار کە باوکم لەماڵەوە نەدەبوو، ڕۆبەکەیم لەبەر دەکرد و پاپیەکەیم دەنا بە دەممەوە و هەروەك ئەو پاڵم لێ ئەدایەوە و بەدەنگ و نەبرەی ئەو قسەم لەگەڵ دایکم ئەکرد، ئەو وشانەشم بەکاردەهێنا کە تایبەتیبوون بە ئاخافتنی باوکم، بەو لاسایی کردنەوەیە کەشێکی خۆش و پڕ بەپێکەنینم پێك دەهێنا.دوایی بۆ باوکمیان دەگێڕایەوە، ئەویش بەپێکەنینەوە سەیری دەکردم و دەیوت:کاکە پاشا ئەمەشت کرد؟

کابرایەك لە گەڕەکەکەمان بوو پیاوی دڵ پاك و هەژار بوو، ئەو دەمە قاورمەی نۆکی دەفرۆشت، دەنگێکی ناسازی قەبەی پێوە بوو، کە هاواری ئەکرد دەمارەکانی لاملی هێندەی سۆندەیەکی دوو ئینجی دەئاوسا، بەردەوام لاسایی ئەوم دەکردەوە، چ دەنگ و چ کارو شێوەی، هێندە لاساییم کردبووەوە رۆژێ وام بەخەیاڵدا هات ئەو بووبێ بەپاشا و وتار بۆ خەڵکی بدات، لەنێوانی ڕستەکانیدا هەر هاوار هاواری قاورمەی نۆکەکەی لێوە دەهات، بوو بوو بە نیمچە بینراوێکی شانۆیی، ئەم خولیا



و کاری لاســایی کردنەوەیــەم کارێکی ئەوتۆی کردبوو، کە هەندێك لەخزمانی بەساڵاچوو، بەتایبەت پیرێژنەکان بەر لە ڕۆیشــتنیان تکایان لێ ئەکردم لە پاش ڕۆیشتنیان لاساییان نەکەمەوە.

ئێمە دەستەیەك لە منداڵانی گەڕەك، کردبوومــان بەخوو، ڕۆژانــی هەینی دەچووین بۆ سینەما، ئەو دەمە سینەمای (ڕەشید) و(ســیروان)هەبوون، دەچووینە بەشــی (چلی)واتە تکتەکەی بە چل فلس بوو، پاش گەڕانەوەمان لاســایی هەندێ شتی ئەو فیلمەمان دەکردەوە، ئەو دەمە هەرخۆم سەرپەرشــتی ئەو یارییەم دەکرد و گەر حەزیشــم لەنواندنی (کورە ئازاکە)بوایە، ئەوا بۆخۆم دەمنواند.

ماڵەکەمــان دواهەمین ماڵی ســەر ئەو شــەقامەی چوارباغ بوو، لەپشــت دیوارەکەمانــەوە، هەرچۆن ســینەما، ســەرپارچەی فلیممان کۆدەکردەوە و بە (لایت)لەسەر دیوارەکە پیشانم دەدا، هەر لە دووتۆی ئەو حەزەری منداڵیمدا دەژیا.

یەکێ لەو ســاتانەی کەهەرگیز ناسڕێتەوە، ئەو عەسرەی ڕۆژی ١٩٥٦/١٠/١٨ لە یاریگای ئامادەیی سلێمانی کوڕان یاری بوو، ئێمەش من و براکەم و کوڕانی (خاڵە نوری بەگ) مان کە لەگەڕەکی قەزازەکانەوە هاتبوون، لە پڕا پەڵە هەورێکی تاری چڵکن ئاسمانی شــاری داپۆشی، هەر دەتگوت ڕۆژ گیرانــە، تەرزە دایکرد، دەنگ گەورە و بە لێزمە، دەیانگووت تیایدا بووە دانەی (١٠٠)غرام بووە، یارییەکە تێکچوو، لەشاخی گۆیژەوە لافاو بەلێشاو هاتە خوارێ، ئەو دەمە شار بەربەستی لافاوی بۆ دروســت نەکرابوو، ئاوەڕۆکانی شار بەتایبەت ناو بازاڕ و هەندێ لەگەڕەکەکان تەقین و ئاو هێرشــی بردە ناو ماڵەکان، چونکە ماڵمان نزیك بوو بەڕاکردن خۆمان گەیاندەوە ماڵێ، ســلێمانی وتەنی: بووبووین بەچۆلەکەی نەوتی، یان لەئاو هەڵکێشــراو.ئیدی هەواڵ بڵاو بوویەوە کەسەدان ماڵی خاپــوور و نغرۆ کردووە و دەیانی خنکاندووە، شــار خامۆش بــوو لەهەموو لایەکەوە هــاوار هاوار و هەرا بوو، شــەو داهات و شار بەرگی ڕەشی پۆشی، بڵندگۆ بەکوچە و شەقام و کۆڵانەکانی شاردا دەگەڕا و هاواری دەکــرد: ئەوی ماڵــی وێرانە ڕووبکاتە خەستەخانە.

خەڵکی شــار بوو بوونە یەك خێزان و بەهانــای یەکدییەوە دەچوون، لافاو بووە هەســت بزوێنی شــاعیران، ڕۆژنامەی (ژین) پاش لافاوەکــە بووبووە هەواری

**ڕۆژی ١٩٥٦/١٠/١٨ لە یاریگای ئامادەیی سلێمانی کوڕان یاری بوو،ئێمەش من و براکەم و کوڕانی (خاڵە نوری بەگ) مان کە لەگەڕەکی قەزازەکانەوە هاتبوون،لە پڕا پەڵە هەورێکی تاری چڵکن ئاسمانی شاری داپۆشی، هەر دەتگوت ڕۆژ گیرانە،تەرزە دایکرد،دەنگ گەورە و بە لێزمە،دەیانگووت تیایدا بووە دانەی (١٠٠)غرام بووە،یارییەکە تێکچوو،لەشاخی گۆیژەوە لافاو بەلێشاو هاتە خوارێ**

هەستیان، ئێستاش چەند کۆپلەیەکی شــیعری (کامەران)م لەبــەرە کــە وتبووی:

کە بای خەزان گوڵی وەران
خونچە دەست ئەکا بەگریان
ئەی کە خونچەی ناسك وەری
خەڵکینە توخوا، کێ بگری؟!

لەگــەڵ بڵاوبوونــەوەی هەواڵی لافاوەکــە جێنشــینی پاشــای عێراق(ئەمیر عەبدولئیلا)ســەردانی ســلێمانی کرد، چاوی بەخەڵکەکە کەوت، ئــەوە بوو لــە ڕۆژنامەی (ژیــن)ی ڕۆژی ١٩٥٧/١٠/٣١ بڵاوکرایــەوە وتبووی:(هیوامان وایە کە یارمەتی تەواوی لێقەوماوان بدەین و سەر لەنوێ شوێنە ڕووخاوەکان تازە بکەینەوە.

هێندەی نەبرد ئــەو کاتە قوتابی قوتابخانەی (ئەیوبییە)بــووم، لە تیپی (دیدەوانی) دابووم، کۆیان کردینەوە، وتیان:

خاوەن شــکۆ دێت بۆ ســلێمانی ڕۆژی ١٩٥٧/١١/٥ لەبەردەم (ڕیست هاوس)دا کە تەنیشت کارگەی جگەرەی ئێســتایە و بەرامبەر شــارەوانییە ریزیان کردین، ئێستاش دەنگی ئەو بێژەرەی کە پێش گەیشــتنی کەژاوەی (شــا فەیسەڵی دووەم) تاو بەتاو هەواڵی هاتنەکەی ڕادەگەیاند کە ناوی مامۆستا (جیهان بەخش )بوو ئەیووت:

((ئەوا خاوەن شــکۆ شــا فەیســەڵی دووەم گەیشتە کەندەکەوە، ئەوا گەیشتە کێڵە سپی.....((

پاشا گەیشت و سەرۆك وەزیران و وەزیری ناوخۆ یاوەری بوون، پێشــوازییان لێکرا و پاش وچانێکی کورت لە ماڵی (موتەســەریف)، کەوتنە ســەردانی خەڵکــە ماڵ وێران بووەکان و دڵی دەدانەوە و هاوهەســتی خۆی بۆ دەردەبڕین و بڕێ پارەی پێشــکەش بەلێقەوماوان کرد، بەتایبەت بۆ کەم درامەتان.

**ئەو ڕوودا و ڕۆژە ناخۆشە و شێوەی ئاسمانی سلێمانی ئەو عەسرەم هەرگیز لەبیرناچێتەوە، بەتایبەت کە چوینەوە قوتابخانە، چەند هاوڕێیەکمان نەبینییەوە**

ئــەو ڕووداو و ڕۆژە ناخۆشــە و شــێوەی ئاســمانی ســلێمانی ئەو عەســرەم هەرگیــز لەبیرناچێتەوە، بەتایبەت کە چوینــەوە قوتابخانە، چەنــد هاوڕێیەکمان نەبینییەوە، یان هەندێکیــان باب و برا و خوشــك و دایکیــان مــەرگ بردبوونییــەوە، ڕۆژێکــی ماتــەم بوو لــەو ئان و ساتانەی ناسڕێنەوە.

# چەند کەلوپەلێکی ویتنی هیوستن فرۆشران

لەمەزادێکی ئاشکرادا کە لەبیفرلی هیلز لەنیویۆرك سازکرا، چەند کەلوپەلێکی خانمە هونەرمەند ویتنی هیوستن بەبڕی ٨٠ هەزار دۆلاری ئەمریکی فرۆشران.

لەم مەزادەدا جگە لەوانەی ئامادە بوون ژمارەیەکی بێزنسمانەکان بەتەلەفۆن و لەڕێگای ئینتەرنێتەوە بەشدار بوون و تێیدا زیاتر لە١٣ پارچە لەجلوبەرگ و بەردی گرانبەهای ویتنی فرۆشران بەتایبەتی ئەو جلوبەرگانەی کە چەندین ئاهەنگی بەناوبانگی بەو جلوبەرگانە ئەنجامدا بوو، داریــن جۆلیان کە ڕێکخەری مەزادەکەیە لەم بارەیەوە وتی: کۆی گشتی نرخەکان گەیشتە ٨٠ هەزاو ١٨٧ دۆلار و ئەوەی تێبینم کرد کە دوای مردنی هیوستن خەڵکێك زۆر داوای کەلوپەلەکانی دەکەن و ئامادەن بەنرخێکی گرانیش بیکرن، جۆلیان هەروەها وتی: ڕاستەوخۆ دوای مردنی هیوستن خزمەکانی خۆیان ئەو کەلوپەلانەیان هێنایە لای ئێمە بۆئەوەی بۆیان بفرۆشین.





# هێلن شەرم لەسینگی خۆی دەکاتەوە

دوای ئەوەی ئەکتەری بەریتانی هێلن فلاناگان لەچەند بۆنەیەکدا بەشێوەیەك دەرکەوت کە سینگی زۆر ڕووت بوو، بڕیاریدا چیتر ئەو جلوبەرگانە بەکار نەهێنێت کە سینگی زۆر دەردەخەن.

بەڵام هێلنی تەمەن ٢١ ساڵ بەشێوەیەکی سەیر هەستا بەئەنجامدانی ئەم کارە، سەرەتا وێنەیەکی خۆی بڵاوکردەوە کە کراسێکی کورتی لەبەر بوو و لەسەر وێنەکەی نووسی: من ناتوانم درۆ بکەم، بەڕاستی هەست بەشەرمەزاری دەکەم لەبەر سینگم، چونکە من تەنیا ئەو جلوبەرگانە دەپۆشم کە هەست دەکەم من جوانترین ئافرەتی جیهانم بەو جلوبەرگانە، دوای ماوەیەك هێلن وێنەیەکی دیکەی خۆی بڵاوکردەوە کە سینگی داپۆشرا بوو و لەسەر وێنەکەی نووسی لەمەودوا بەم شێوەیە دەبم، بەڵام لەڕاستیدا من کچێکی زۆر زۆر هەستیارم بۆیە دەبێ زۆر بەوریاییەوە جلوبەرگەکانم هەڵبژێرم و دەبێ کەسێك هەبێت بەئاشکرا پێم بڵێ ئەو جلوبەرگانە بەکەڵك نایەن و پێویستە لێیان دووربکەویەوە بۆئەوەی جارێکی تر ڕۆژنامە و گۆڤارەکان شتم لەسەر نەنووسن و وێنەکانم بڵاو نەکەنەوە.

# لەکۆریا بینینی گاگا قەدەغەیە

دەسەڵاتدارانی کۆریای باشوور بڕیاریاندا ڕێگا نەدەن بەو کەسانەی تەمەنیان لە١٨ ساڵ کەمترە ئامادەی ئاهەنگی کچە گۆرانیبێژی ئەمریکی لیدی گاگا بن.

ئاژانسی هەواڵی کۆریای باکوور (یۆنهاب) بڵاویکردەوە ڕێکخەرانی ئاهەنگەکە ڕایانگەیاندووە کە ئەنجوومەنی پۆلین بڕیاریدا دیاریکردنی تەمەنی ئەو کەسانەیان دا کە بۆیان هەیە ئامادەی ئاهەنگەکە بن، بۆ ئەم مەبەستەش ڕایگەیاند کە ئەوانەی تەمەنیان لە١٨ ساڵ کەمترە بۆیان نییە ئامادەی ئەو ئاهەنگە بن، هەرچەندە پێشتر ڕایانگەیاندبوو تەنیا ئەوانەی تەمەنیان لەخوار ١٢ساڵیە بۆیان نییە ئامادەی ئاهەنگەکە بن، بەڵام دواتر بڕیارەکەیان گۆڕی بەبیانوی ئەوەی گۆرانییەکانی گاگا بۆ کەسانی ١٢ ساڵان گونجاو نین، بۆ ئەم مەبەستە لایەنی ڕێکخەری ئاهەنگەکە ڕایگەیاند پارەی ئەو کەسانە دەگەڕێنێتەوە کە پلیتیان کڕیوە و تەمەنیان لەخوار ١٨ ساڵییە. شایەنی گوتنە چەند کۆمەڵەیەکی مەسیحی لەکۆریا ڕەخنەیان لەسازکردنی ئەم ئاهەنگەی گاگا گرتبوو.



# نانسی ئەفیونی:
# هەر خەریکی سەما کردن دەبم

خانمە هونەرمەندی لوبنانی نانسی ئەفیونی ئامادەیە لەهەموو کلیپەکانیدا سەما بکات و مامۆستایەکی تایبەتی سەمای گرتووە بۆ ئەوەی فێری بکات.

لەمبارەیەوە نانسی وتی: من زۆر جیاواز دەبم لەمیریام فارس، چونکە سەمای میریام سەمایەکی ڕۆژهەڵاتییە، کەچی من جاز و هیپ هۆپ پێشکەش دەکەم، هەروەها من بیر لەوە دەکەمە شتێکی ڕۆژهەڵاتی و ڕۆژئاوایی تێکەڵ پێشکەش بکەم، ئەمەش مانای ئەوە نییە کە ڕوو لەتەقلید بکەم و بەهیچ شێوەیەکیش بیر لەوە ناکەمەوە.

نانسی ئەفیونی لەدیمانەیەکیدا لەگەڵ گۆڤاری (ئۆسکار) وتی: ئێستا ٥ گۆرانی نوێم هەیە بۆ بڵاوکردنەوە لەگەڵ گۆرانییەکی کۆنی ئوم کەلسوم، نانسی زیاتر وتی: من هیچ گرنگی بەبیروڕای خەڵك نادەم و چی دەڵێن دەربارەی من ئەوا ئازادن، چونکە تەنیا کارەکانی خۆم لای من گرنگن.



# هاساوی ڕۆژانە دوو سێو دەخوات

لەپێناو بەشداری کردنی لەفیلمی (بێ نەوایان)، کچە ئەکتەری جیهانی ئان هاساوای بڕیاریدا کێشی لەشی دابەزێنێت بۆ ئەوەی دەرهێنەر ڕۆڵەکەی پێبسپێرێت و هیچ ئەکتەرێکی دیکە لەشوێنی ئەو دانەنرێت.


بۆ ئەم مەبەستە ئان بڕیاریداوە ڕۆژانە ٥٠٠ کالۆری لە لەشی کەمبکاتەوە، ئەویش لەسەر داوای بەرهەمهێنەرانی فیلمەکە کە داوایان لێیکردووە لەماوەی ٢٠ ڕۆژدا پێویستە ٧ کیلۆگرام لەکێشی لەشی کەم بکاتەوە، هەر بۆیە ئێستا ڕۆژانە تەنیا دوو سێو دەخوات و پشکنینی بەردەوام ئەنجام دەدات بۆئەوەی کاریگەری لەسەر تەندروستی نەکات.

شایەنی وتنە لەفیلمی (بێ نەوایان) ئان ڕۆڵی (فانتین) داپیرەی کۆزیت دەبینێت و تۆم هۆبری دەرهێنەری دەیەوێ ئان بەلاوازی دەرکەوێ نەك بەقەڵەوی بەتایبەتی لەدیمەنی مردنی (فانتین)دا.



# کەی بەهار:
# گڵاسێک ئاو ئافرەتی کورد پۆرترەیت ناکات وەک قوربانی بەڵکو وەک پاڵەوانی خەباتگێڕ لە پێناوی مافەکانیدا

**● کـەی بەهــار یەکێکە لــەو ســینەماکارە کوردانەی کە لەزۆر بواردا کاری کردووە وەك شــانۆ و دراما و ســینەما بەلقە جیاوازەکانییەوە، هەروەها ســیناریۆی چەند فیلمێکی بۆخۆی و ســینەماکارانی دیکەش داناوە، ئێستا نیشــتەجێی بەریتانیایە و خۆی بۆ فیلمێکی نوێ ئامادە دەکات بەناوی (گڵاســێك ئاو)، لەپێوەندییەکدا بەم شــێوەیە وەڵامی چەند پرســیارێکی گوڵانی دایەوە.●**




*** ئەگەر بەکورتی باس لەفیلمی (گڵاسێك ئاو)مان بۆ بکەی؟**

- گڵاســێك ئاو یەکەم کاری منە لەفیکشــن/ فەنتازی و یەکەم فیلمە لەسێیەم زنجیرە (تریلۆجی) کورتە فیلم کە ئەمساڵ ئەنجامی دەدەم دەربارەی خەباتــی ئافرەت لەپێنــاوی مافی مرۆڤایەتی و ئازادی کەســایەتی. ئەم بەرهەمە هاوبەشە لەنێوان کۆمپانیای جۆکا فیلم/لەندەن و وەزارەتی ڕۆشنبیری و لاوان/ حکومەتی هەرێمی کوردســتان – بەڕێوەبەرایەتی گشتی سینەما. ماوەکــەی ١٥ خولەکە، ژانەر دڕامایە، بەزمانی ئینگلیزی و ژێرنووســی کــوردی، چونکە باس لە١٥ خولەك لەژیانــی خێزانێکی کوردی ئاوارەی بەریتانیا دەکات. لەنووســین و دەرهێنانی خۆم و پرۆدیسۆری هاوبەش میران ســابیر-ە. گڵاســێك ئاو تاکو ئەمڕۆ ناردراوە بۆ چەندەها فیلم فیستیڤاڵ، لەوانــە: کان لەفەرەنســا، ئێدینبورگ لەســکۆتلەندا، تۆرۆنتۆ لەکەنەدا، بڕوکلین لەنیویۆرك، لوکارنۆ لەسویســرا، بــاس و ڕەیندانس لەئینگیلتەرا، تۆرینۆ لەئیتالیا.

*** هــەر فیلــم و کارێکی ســینەمایی پەیامێکی هەیــە، پەیامی ئێوە لە(گڵاسێك ئاو) چییە؟**

- گڵاســێك ئاو پەیامی زۆر جیاوازە لەگەڵ ئەو فیلمانەی کە پێشــتر لەســەر ئافرەتی کورد دروســت کراون، چ لەلایەن فیلمکاری کورد یان فیلمکاری بیانی. ئەمان بەگشــتی ئافرەت بەقوربانی و بێدەستەڵات دەخەنە ڕوو و پەیامیان داواکــردن و بەزەیی و پاڕانەوەیە لەبینەر بۆ فریاکەوتن ئەم ئافرەتانە کە دەچەوســێنەوە بەدەستی نێر لەناو خێزانەکانیان، بەڵام گڵاسێك بەپێچەوانەوە، ئافرەتی کورد زۆر بەباڵا و بەرز دەبینێت و پەیامی بۆ ئافرەتان ئەوەیە کە وەك شنۆ-ی پاڵەوانی فیلمەکە، ئەوانیش لەجێی پاڕانەوە و بەزەیی و بێدەستەڵاتی و خۆکوشتن، پێویستە لەسەر پێی خۆیان جەربەزانە و سەربەرز بوەســتن و خەبات بکەن لەپێناوی مافی مرۆڤایەتی و کەسایەتی خۆیان و کۆڵنەدەر بن بەرانبەر بەمێشــکی کۆنی باوك و برا کە بەبێ هیچ مافێکی سروشتی و بێ هیچ سوود و پاداشتێکی شادی، خۆیان دەکەن بەخاوەن مافی بڕیاری گەورە لەچارەنووسی کچ و خوشکەکانیان. ئەم دەستەڵاتداریەی نێر زۆر زیانبەخشە بەســەر ئافرەتانەوە، بەتایبەت ئەگەر ئەو ئافرەتانە هۆشمەند نەبن و ئازایەتی ئەوەیان تێدا نەبێت کە بەرهەڵســتی لەمافی خۆیان بکەن. هەرچەند دایکی شــنۆ لەفیلمەکە دەڵێت: <هەموو بردنەوەیەك ســەرکەوتن نییە، بەڵام شــنۆ ئەوەندە بەرز و بەهێزە، هەرگیز کۆڵ نادات لەژێر هەڕەشە و هاواری باوك و برا. واتە گڵاسێك ئاو ئافرەتی کورد پۆرترەیت ناکات وەك قوربانی، بەڵکو وەك پاڵەوانی خەباتگێڕ لەپێناوی مافەکانی.

*** ئایــا دەرهێنەرە کوردەکان وەك پێویســت کێشــە کۆمەڵایەتییەکانیان خستۆتەڕوو؟و بۆچی؟**

- دەرهێنەری کوردی پەروەردەی ئەم ســەردەمە، پەروەردەی سینەما نییە و کێشــەی کۆمەڵایەتی بەڕاســتی لەفیلمدا پێ ناخرێتە ڕوو، چونکە ئەم کارە پێویســتی بەئازادی مێشك هەیە، بەئەکتەری سینەمایی لێهاتوو هەیە کــە لەناو کوردا دەگمەنە، هەروەها پێویســتی بەدەرهێنەری فیلم هەیە کە بزانێت پیشەی دەرهێنان چییە، بواری کۆمەڵایەتی پێویستی بەبیروبۆچونی فیلمکاری ئازاد هەیە کە چاونەترســانە بکۆڵێتەوە لەبڕگەکان بەوێنە و بەزمانێکی جیهانی نەك کۆڵانی، هەروەها ئەم بوارە تەنیا ناکەوێتە ســەر دەرهێنــەر، چونکە فیلمکاری کاری تیمە و پێوســیتی بەکادری پســپۆر هەیە لەهەموو بەشەکانی بەرهەم. ئەگەر ســکریپت نووســی لێهاتوومان نەبێت کە بتوانێت بەبێ شــیوەن و باوکەڕۆ لەبوارەکانــی کۆمەڵ بدوێت، بەتایبەت لەکەسایەتی مرۆڤ، کە ئەندامی سەرکی چیرۆك بێژییە، با هەر دەرهێنەر هەبێت، هەرچەند ئەمڕۆ نیمانە.

*** زۆر جار گۆرانیبێژ و شانۆکاران گلەیی ئەوە دەکــەن کە حکومەت**

**گرنگی زیاتر بەسینەما دەدات، چی دەڵێی بۆئەم قسانە؟**

- گۆرانیبێژ و شانۆکاران مافی خۆیانە گلەیی بکەن. بۆ نموونە ئێمە لە لەندەن سێ ساڵ پڕۆڤەی شانۆگەری شاری ئاشتی-مان کرد، کە ئەمە یەکەم موزیکاڵی کوردە لەمێژوودا کە بە ستانداردی جیهانی زۆر پرۆفێشناڵانە بێتە ئەنجام. هەموو مەبەست ئەوەبوو کە شاری ئاشتی لە لەندەنەوە بێنینەوە بۆ کوردستان لەهەولێر، سلێمانی، دهۆك و کەرکوك بیگەڕێنین و پێشکەشی بکەین بۆ ئەو کۆمەڵە تینوی هونەری گەش و پڕ فەنتازیایە. کەچی دوای ئەوەندە هەوڵ و کار، دوای سێ ساڵ خۆبەختی و سەر ئێشە و شەونخونی، دوای ئەوەی لە لەندەن نمایش کرا و لەگەڵ ئەوەی بەزمانی کوردی بوو زۆربەی بینەران بیانی بوون، هێشتا زۆر سەرکەوتنی بەدەست هێنا، کەچی وەزارەتی ڕۆشنبیری و بەڕێوەبەرایەتی شانۆی گشتی ڕۆحیان هەڵکێشا و شاری ئاشتی-ان وێران کرد و ئاوڕیان لێنەدایەوە. شاری ئاشتی یەکێکە لەو بەرهەمانەی کە هاتە ژیان بۆ زیندوکردنەوەی خۆشەویستی کۆمەڵگەی کورد بۆ هونەری شانۆ و نواندن و هەڵپەرکێ و مۆسیقا. هەرچەندە ئەو بودجەی کە شاری ئاشتی پێویستی پێ بوو چارەکێك نەبوو لەو بوجەی کە سەرف دەکرێت بۆ دروستکردنی فیلمێك، لەو فیلمە سەقەتانەی کە لەفیستیڤاڵی کوردی لەندەن بینیمان. جا گۆرانی بێژ و شانۆکاران و مۆسیقا ژەنان مافی خۆیانە کە توڕە بن، چونکە ئەو فیلمانەی کە ئەو بوودجەیان دەدرێتێ زۆربەیان زۆر هیچن و چوارکەسیش بەتامەوە سەیریان ناکەن. بەڵام نابێت کەس لەیادی بچێت و هەڵەیەکی زۆر گەورەیە کە گۆرانی، مۆسیقا، هەڵپەرکی و شانۆ لەسینەما جیا کرێتەوە. چونکە ئەمانەن کە دەبنە هۆی پێشخستنی فیلم. بۆ نموونە زۆربەی فیلمەکانی سێرجۆ لیۆنێ، ئەگەر مۆسیقاکەی داڕشتەی ئێنیۆ مۆریکۆنێ نەبوایە، ڕەنگە هەمان سەرکەوتنیان بەخۆوە نەبینیایە. بەڵام ئێمەی کورد تاکو ئێستا یەك موزیك داڕشتەی فیلم، کۆمپۆزەری سینەمامان نییە.

*** فیلمە کوردییەکان لەئاستێکی بەرزدان و خەڵاتی جیاجیا بەدەست دەهێنن، کەچی پایتەخت بێ هۆڵی سینەمایە، ئەم ڕستەیە چۆن لێکدەدیتەوە؟**

- فیلمە کوردیەکان لەئاستی بەرزدا نین، و خەڵاتی بەرزیان وەرنەگرتوە، جگە لەفیلمی یۆڵ – یەڵماز گۆنای کە ئەوەش وەك فیلمێکی کوردی ناژمێردرێت، چونکە ئەوسا کە بڵاوبووەوە وەك بەرهەمی تورکی/سویسری ناسرا و گۆنای خۆشی بەکورد نەدەزانی لەو سەردەمەی کە خەڵاتی سەرەکی فیستیڤاڵی کان-ی وەرگرت. فیلم کاتێك سەرکەوتووە ئەگەر خەڵاتی سەرەکی لەفیستیڤاڵی کان، بەرلین، ڤێنیس، بافتا، ئۆسکار وەرگرێت وەك باشترین فیلم، یان دەرهێنان، یان ئەکتەر. جا پرسیار ئەوەیە بۆچی ئەم خەڵاتانە باشن و بۆچی وا دەکەن فیلمەکەت بە بەرهەمێکی سەرکەوتوو داندرێت؟ چونکە ئەگەر یەکێك لەم خەڵاتانە وەرگریت، بەدڵنیاییەوە فیلمەکەت دەگاتە سینەمای بازاڕی ئەورووپی، ئەمریکی و بازاڕی جیهان. تاکو فیلمەکەت نەگاتە بازاڕی جیهان، هەر باس لەسەرکەوتن مەکە. چونکە بەقوڕنە سینەمایەك و بەقوڕنە فیستیڤاڵێك فیلمەکەت نەك هەر پارەکەی خۆی دروست ناکاتەوە، بەڵکو تەنیا لەکوردستانی ئێمە دەهۆڵ و زوڕنای بۆ لێدەدرێت. نەبوونی هۆڵ زۆر کاریگەرە، هۆڵی سینەما دڵی شارستانیەتی شارە، کۆمەڵگەی بێ هۆڵی سینەما کۆڵەوار و مێشك نائازادە. من کە تەنیا فیلمکاری کوردم لەناوەوە و دەرەوەی وڵات تاکو ئێستا فیلمەکانم پەخشکراون لەسەر کەناڵەکانی وەك بی بی سی، کەناڵی چواری بەریتانی و زۆربەی کەناڵەکانی جیهان، من پەروەردەی قوتابخانە نیم، پەروەردەی باوك و دایك و دارودەستەی حکومەت نیم، من بێ سینەما هەر نە دەژیام، من پەروەردەی ئەو پێنج هۆڵی سینەمایەم کە لەساڵانی حەفتایەکان لەکەرکوك توانیان بیروبۆچونم ئازاد کەن بەو جیهانە دڵرفێنە پڕ لەفەنتازیایەی کە هەرگیز حکومەت و باوك و دایك و قوتابخانە ناتوانێت بەو شێوەیە ڕۆڵەکانی خۆی پەروەردە بکات وەك سینەما دەیکات. نەبوونی هۆڵی سینەما لەپایتەخت چاکترین نموونەی تێنەگەیشتنە لەهێز و بازوی بێهاوتای سینەما بۆ پێشخستنی کۆمەڵگەی کورد – باشترین بەڵگەیە بۆ گاڵتەجاری وەزارەتی ڕۆشنبیری و حکومەتی هەرێمی کوردستان بەپەیامی فیلم کردن و چەواشەکردنی فیلمکاران و کۆمەڵگەی کورد.





***زۆر جار دەبینین هەر سینەماکارێك لەشوێنی خۆی کارێك دەکات و هەندێکیان لەدوور و نزیکەوە ناگەڕێنەوە بۆ وەزارەت و لایەنی پێوەندیدار، پێتوایە هۆکاری ئەم بێسەروبەرییە بۆچی دەگەڕێتەوە؟**

- کۆبوونەوەی فیلمکاری کورد لەیەکتر، بەیەکەوە کارکردن و لێکۆڵینەوە و وۆرکشۆپ و سمینار، و بەیەکداچوونەوە و ڕەخنەگرتنی زانستیانە، و شیتەڵکردنەوەی بەرهەمەکان، ئەمانە هەموویان چ بۆ فیلمکارانی ناوەوەی وڵات و چ بۆ ئەوانەی دەروەی وڵات، زۆر گرنگن و دەبنە هۆی لێك نزیکبوونیان زیندوکردنەوەی خۆشەویستی فیلم و سینەما لەناو کۆمەڵگەکەمان، بەڵام ئەمە دەردی تەنیا نەزانی وەزارەت نییە لەکەمتەرخەمی کردن لەکۆکردنەوەی فیلمکاران، نەخێر فیلمکاری کورد ئەمڕۆ ئەوەندە لەخۆی بەشکە کە فیلمێك دروست دەکات، نایەوێت فیلمکارێکی تری کورد لەگەڵیدا دەستبەکاربێت، دەترسێت لەبودجەکەی بخوات. لەڕاستیدا دەبێت ئەو ترسە لەناوبچێت و فیلمکاران پێویستە لەیەك کۆببنەوە و پشتگیری یەك بکەن و هاوکاری یەك بن لەبەرهەمەکان. بەڵام ئەم کارە لەکاتێکدا ڕوودەدات کە لەناو فیلمکارانی کورد ترسی بودجە خواردن نەمێنێت.